# فەبلێتێک کامێراکەی ١٢ میگاپیکسلە



فەبلێت (phablet) بەو ئامێرە دیجیتاڵییە دەگوترێت کە تێکەڵێکە لە مۆبایلی هۆشمەند و تەبلێــت، لە دوو وشــەی phone و tablet وەرگیراوە. وەك ئەوەی لە کوردەواری خۆماندا لەیەکێکیان پرسی حەز لە خورما دەکەی یان مێوژ، کەسەکەش نەیدەویست هیچ کامیان لە چنگ بدات گوتی "خورمیژ" واتە خورما و مێوژ، فەبلێتیش راست لەم وشە کوردییە دەچێت.

کۆمپانیایەکی چینی نوێترین فەبلێتی بەناوی Vivo play بەرهەم هێناوە کە شاشــەکەی 7.5 ئینجــە. کوالیتــی فیلمگرتنەکەی فــول ئیچ دییە. پێچەوانــەی ئەوەی کە زۆربــەی ئامێر و کەلوپەلەکانی چینی نرخێکی کەمیان هەیە، بەڵام ئەوەیان نرخی ســەرووی 500 دۆلاری هەیە، چونکە پرۆسیســەرێکی 7 گیگاهێرتــزە. رامەکــەی 2 گیگابایتە و سیســتەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەســەرە. گرنگی فەبلێتەکە زیاتر لــە کامێراکەی دایــە کە 13 میگاپیکســلە. کامێرای پێشەوەشی 5 میگاپیکسلە. کێشی فەبلێتەکە 187 گرامە.

# گەلەکسی S4 zoom مۆبایلێکی باش یا کامێرایەکی سەرکەوتوو؟

رکابــەری و ململانێــی نێــوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ هەروا دێت گەرمتــر دەبێت، ئەمجارەیان گرنگییەکی زۆر بە کامێرای دیجیتالــی مۆبایلەکان دراوە و هەوڵدراوە لــەم لایەنەدا تواناکانی خۆیان بەرجەستە بکەن.

سامســۆنگ نیازی هەیە بە بەرهەمهێنانی زنجیرەی گەلەکسی لە مەیدانەکەدا پێش بکەوێت و بۆیە دوایین زنجیرەی گەلەکسی بریتییە لە مۆبایلی S4 zoom کە نازانین بڵێین کامێرایەکی دیجیتالی سەرکەوتووە، یان مۆبایلێکی هۆشمەندی پێشکەوتووە؟

کامێرای مۆبایلە هۆشــمەندەکان راســتە لە کوالیتیدا لەســەرێن، بــەڵام چونکە زومی ئۆپتیکالیــان نییــە و واتە لێنزێکیان نییە کە بۆ پێشــەوە و دواوە بــڕوات هەربۆیە کوالیتی وێنەکانیان ناگاتە کوالیتی کامێرایەکی دیجیتالی ســەرکەوتوو، بەڵام مۆبایلی گەلەکسی S4 zoom سەرەڕای ئەوەی هەســتەوەرکەی 16 میگاپیکسلە، خاوەنی زومی ئۆپتکالی 10Xیشــە. هەندێك تایبەتمەندی دیکەی گەلەکســی ناوبراو بوونی شاشەیەکی 4.3 ئینجــی HDیە. پێدەچێت بە هاتنە بــازاڕی مۆبایل کامێرای ناوبراو رکابەری لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایلە هۆشــمەندەکان بچێتە قۆناغێکی دیکەوە.




# ئەدۆبیش رووی لە بەرهەمهێ

ئەوانەی شارەزای بواری کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای ســەردەمن، دەزانن کە کۆمپانیای adobe کۆمپانیایەکی ناســراوە، کۆمپانیای ناوبراو هەر ئــەو کۆمپانیایە کە فۆتۆشــۆپ و فۆتۆپریمەر، ئەدۆب ئەکروبات، ئەدۆب ئیندزاین، ئــەدۆب فلاش...تاد. بەرهــەم هێناون. لەم دواییــەدا کۆمپانیای ئەدۆب هاوشــێوەی کۆمپانیای گــوگڵ لەگــەڵ پەرەپێدانــی خزمەتگوزارییەکانــی خۆی، ئامێری دیجیتالی ســەردەمیش بەرهەم دێنێت. یەکەمیــن ئامێری دیجیتالی ئــەدۆب کە بریتی بوو لە پێنووسێکی دیجیتالی هەستیار کە بە پێنووسی mighty ناسراوە بۆ





# لومیا ٩٢٨ نوێترین مۆبایلی هۆشمەندی نۆکیا

نۆکیا چەند ساڵێك بەرلەوەی مۆبایل بەرەو هۆشمەندی بچێت و خۆی لە کۆمپیوتەر نزیکتر بکاتەوە، لە مەیدانی بەرهەمهێنانی مۆبایلدا لە ریزی یەکەمدا بوو، ئەوکات هێشتا ئەپڵ نەهاتبووە ئەو مەیدانەوە و رکابەرییەکی توند لە نێوان سامسۆنگ و نۆکیادابوو، بەڵام لە ساڵی 2010 بەدواوە سامسۆنگ هەوڵەکانی چڕتر کردنەوە و مۆبایلەکانی بەرەو هۆشمەندی بردن، نۆکیا لەم چەند ساڵەدا لە دوای ئەپڵ و سامسۆنگ دەهات، بەڵام ئێستا بە داهێنانی مۆبایلی هۆشمەندی لۆمیا هاتۆتەوە مەیدان و لەم هەفتەیەدا مۆبایلی هۆشمەندی لۆمیا 928ی بەرهەم هێنا.

نۆکیا لە مۆبایلی لۆمیادا گرنگی زۆری بە کامێراداوە، کامێرای لۆمیا 928 نزیکەی 9 میگاپیکسل دەبێت، واتە 8.7 میگاپیکسل. لینزێکی 26 ملمی لەسەرە، پێچەوانەی لۆمیا 920 ئەو لۆمیایە خاوەنی فلاشی جۆری Xenonە. بارستایی لۆمیا 5 ملمە. فیلم بە کوالیتی فول ئیچ دی دەگرێت، دەنگیش بە پێشکەوتوترین سیستەمی دەنگ تۆمار دەکات. شاشەی لۆمیا 928 زۆر هەستیارە و تەنانەت بە پەنجەوانەش کار دەکات. هاردەکەی 8 گیگابایتە، گشت سیستەمێکی پەیوەندی وایەرلەیس لەم مۆبایلەدا هەیە.

# شێلد جێگای پلەی ستەیشن دەگرێتەوە!

گەمەی ئەلکترۆنی لەسەردەمی بە دیجیتالبوونی ژیاندا، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ بردنە سەری زەینی مرۆڤەکان، جا لە هەر تەمەنێکدا بێت. چەندین ئامێر هەن بۆ ئەنجامدانی گەمەی ئەلکترۆنی وەك کۆمپیوتەر و پلەی ستەیشن و PSP و Xbox و...تاد، لەم دواییەدا کۆمپانیای ئەنویدیاش هاتە ریزی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی و "شێلد"ی بەرهەم هێنا. ئەو ئامێرە دیجیتالییە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، گشت گەمەکانی ئەندرۆید لەسەر ئەو ئامێرە دەکرێنەوە. شێلد شاشەیەکی 5 ئینجی لەسەرە و تەواو لەمسییە، رامەکەی 2 گیگابایتە. هاردەکەی 16 گیگابایتە و GPS و بلوتوس و شوێنی کێبڵی HD، میکرۆ USB هەیە.



# ...نانی ئامێری دیجیتالی کرد

کێشانەوەی وێنە و راستەیەکی دیجیتالی کە بە napoleon ناسراوە بۆ کێشانەوەی و دیزاین لەسەر تەبلێت بەرهەم هێناوە. پێنووسی دیجیتالی هەستیارە بە زەخت بۆ هێنان لەسەر تەبلێت کە بەپێی رێژەی زەختەکە هێڵی نووسینەکەی ئەستوور و باریك دەبێت. هەروەها بەهۆی راستەکەش دەکرێت وێنە ئەندازییەکانی وەك چوارگۆشە، بازنە، خشتەکی....تاد بکێشیەوە. ئامێرە دیجیتالیەکانی ئەدۆب بەهۆی وایەرلەیسەوە لەگەڵ ئەیپاد و ئەیفۆن پەیوەند دەدرێن.



# کۆمپانیای BMW لە ئۆتۆمبیلەوە بەرەو پایسکل

کۆمپانیای BMW گەر بۆ هەندێك وڵاتی جیهان ناوێکی ناسۆ بێت کە پێموانییە وایێت، بۆ عێراق وکوردستان لەمێژە ئاشنایە، هەتا ئێستاش ئۆتۆمبێلەکانی کە کۆمپانیای ناوبراو بەرهەمی دێنێت لە ریزی ئۆتۆمبێلە باشەکانی جیهان دەژمێردرێن.

بەڵام لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو لەبری ئۆتۆمبێلێکی نوێ پایسکیلێکی تایبەتی بەناوی Cruise بەرهەم هێناوە، پایسکلە نوێیەکەی BM دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە، گرنگی پایسکلەکە هەر لە دیزاینەکەیدا نییە، بەڵکو لە تواناییەکەی دایە کە مەکینەیەکی 250 واتی لەسەرە، کە وزەی مەکینەکە لە شەحنەوە وەردەگیردرێت و هەرکاتێك تەواو شەحنکرایەوە هەتا 85 کیلۆمەتر شەحنەکەی دانابەزێت.

خاڵێکی جێگای ئاماژەپێدان لە پایسکلەکەدا ئەوەیە کە دەکرێت بە چوار جۆر رێکی بخەیت. "ئیکۆ تور، وەرزشی، خێرا و تۆربۆ" لەکاتی سواربووندا دەکرێت بەو جۆرەی کە حەزی لێدەکەی وای دابنێیت.



## سایتی کتێبخانەی کۆنگرە و وێنەی مێژوویی دەگمەن



مانگی رابردوو ئەرشیفی دیجیتالی کتێبخانەی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەمەریکا بە 467 کارت پۆستالی پانۆرامایی کە لە ساڵی 2008ەوە دەستی پێکردبوو بە کۆکردنەوەی سەدان وێنەی پانۆرامایی و هەزاران وێنەی دیکە لە سەدەی نۆزدە بە دواوە کۆکرابوونەوە کۆتایی هات. زۆربەی ئەو وێنانە کە کۆکرابوونەوە وێنەی راستی و مێژوویین و کە لەکۆنگرەدا رادەگیران و بەڵام بەم دواییە سکان کران و کراونەتە وێنەی دیجیتالی.

وەك گشت قۆناغەکانی دیکەی وێنەگری بە شێوەی پانۆرامایی کە لەم ساڵانەی دواییدا تەکنیکی تایبەتی تێیدا بەکار هاتووە، وێنە گیراوەکان جوانتر و سەرنج راکێشتر کراون. لە کتێبخانەی کۆنگرەدا دەتوانیت وێنەی تایبەت بە عێراق وکوردستانیش ببینیت بۆ سەردانی کردنی کتێبخانەی کۆنگرە سەر لە سایتی http://www.loc.gov/pictures بدە.


# داتاکانی سەر سی دییە تێکچووەکانیش وەربگرنەوە

هەتا فلاش میمۆری و هاردی خاریجی نەبوو بە ئامرازێکی گرنگ بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی داتاکان CD و بەدوای ئەودا DVD وەك باشترین ئامراز بۆ هەڵگرتنی داتاکان سوودی لێوەردەگیردرا، بەڵام لەم دواییەدا فلاش میمۆری و هارد جێگای ئەوانی گرتەوە. گرفتی سەرەکی لە CD دا ئەوەیە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر تێکدەچن و هەروەها بەهۆی بەرکەوتنی زەربە و تۆز خۆڵیش داتاکانی سەریان بۆ سوود لێوەرگرتن نابێت.

پرۆگرامی Any reader دەتوانێت زانیارییەکانی سەر CD و DVD یە تێکچووەکان یان ئەو هاردانەی کە تێکدەچن وەربگرێتەوە.

کاتێك پرۆگرامەکە دەکەیەوە تواناکانی پرۆگرامەکە دەزانرێن، پرۆگرامی ناوبراو هەروەك ئاماژەی پێدرا فایلەکانی سەر دیسکە تێکچووەکان و هارد و فلاش میمۆرییە خراپ بووەکان وەربگرێتەوە.

پرۆگرامەکە چەند بەشێکی هەیە وەك: Copy files from damaged drive لەو بەشەدا ئەو فایلانەی کە بەهۆی تێکچوونی فیزیکی CD و هارد و فلاش میمۆری وەك کەوتنە خوارەوە و تەڕ بوون تێکچوونە وەردەگرێتەوە. یەکەمجار فایلەکانی سەر هارد و دیسکەکان کۆپی دەکات. لەویشدا چەند بەش هەیە وەك وەرگرتنەوەی تەنیا فایلەکانی داتایی و دوکیۆمێنتی، یان فایلەکانی وێنە و ڤیدیۆیی، یان فایلە دەنگییەکان...تاد.




# ئایا سەردەمی ئەوە هاتووە

هیچ شتێك وەك تەکنەلۆژیای نوێ سیستەمی خوێندن و خوێندنەوەی نەگۆڕی، کتێبی دیجیتالی کە هەم هەڵگرتنەکەی ئاسانە و هەم خوێندنەوەی لە هەموو شوێنێك دەگونجێت لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگی زۆری پێدراوە، هەرچەندە هەتا ئێستاش بەم شێوەیەی پێویستە لەلای ئێمە و لە زۆر وڵاتی جیهان پێشوازی ئەوتۆی لێنەکراوە هێشتاش ئەوانەی ئەهلی خوێندنەوەن حەز دەکەن کتێبی سەر کاغەز بخوێننەوە.

هەرچەندە تایبەتمەندی لایەنی ئەرێنی کتێبخانەی دیجیتالی ئەوەندە بەرچاون کە حاشا هەڵنەگرن، وەك ئەوەی کە هەزاران کتێب تەنیا لەپەنجەکانت جێگای دەبێتەوە، هەڵگرتنی ئاسانە، نە تۆز و خۆڵ دەیگرێت و نە دەدرێت و تەڕ دەبێت، گۆڕینی فۆنتی خوێندنەوەی کتێبەکە بە ویستی خوێنەرە... تاد. لەم دواییەدا کۆمپانیای سۆنی کتێبخانەیەکی دیجیتالی بەرهەم هێنا، کە هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی e-readerەکە ئەوانەن، شاشەکەی 13.3 ئینجە کە بەبەراورد بە مۆدێلەکانی پێش خۆی کە شاشەکەیان تەنیا شەش ئینج بوو گەورەترە و



# مەترسی گەرمداهاتنی لاپتۆپ و رێگا چارەی



لاپتۆپ بەهۆی ئەوەی کـــە پارچەکانی هەموویان پێکەوەن و بچووکترن لە پارچەی کۆمپیوتەری ســـەرمێز، هەروەها لەبەر ئەوەی کە پەنکەی لاپتۆپ زۆر بەهێز نییە ئەوە زۆر سروشتییە کـــە زوو گەرمدابێت، بـــەڵام هەر ئـــەو گەرمداهاتنە دەکرێت مەترســـی گەورە بـــۆ لاپتۆپەکە چێ بکات و تووشـــی زیانی جددی بکات.

**بۆ گەرمدانەهاتنی لاپتۆپ پێویستە ئەو هەنگاوانە بگرییە بەر:**

١. وزەی کارەبا لەو پەڕییەوە بگەینە بە حەدی نۆرماڵ: واتە کارەباکە بە جۆرێك رێك بخە کە تەنیا ئەوەندەی بۆ پرۆگرامەکان پێویســـتە وەربگرێت نەك زیاتر، هەرچەنـــدە هەندێك پرۆگرام و یاریی ئەلکترۆنی هەن پێویستیان بە وزەی زیاترە.

٢. لەو ســـپرایانە ســـوود وەربگرە، کە بۆ پاقژکردنەوەی کون و کەلەبەرەکانی لاپتۆپ ســـوودیان لێوەردەگیردرێت. لەسەرەتادا لاپتۆپەکە بکوژێنەوە و پاشـــان سپرا لەو کەلێنانە بدە کە تۆزیان لێنیشتووە.

٣. هەمیشـــە پادێك بـــۆ لاپتۆپەکەت دابنێ کـــە زیاتر لە پەنکەیەکی تێدابێت، واتە هەموو لایەکانی لاپتۆپەکە بگرێتەوە.

٤. لەکاتی کارکردندا لەو شـــوێنانە لاپتۆپەکەت دابنێ کە فێنکن و هەوایـــان بۆ دێت، کۆمپیوتەریش وەك مرۆڤ وایە لە شوێنی فێنك باشتر کار دەکات.

٥. ئەوکاتەی پێویســـتت بە لاپتۆپەکەت نەما بیکوژێنەوە، زۆر کەس دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیشـــیان هەر لاپتۆپەکەیان ناکوژێننـــەوە و جـــار هەیە هەتا بەیانی لاپتۆپ بەبێ ســـوود هەڵکراوە، ئەوانە چەند رێنوێنییەك بوون بۆ پاراستنی لاپتۆپەکەت لە گەرما، خۆیشـــت دەتوانیت شـــێوازی دیکـــە بدۆزیەوە بۆ پاراستنی لاپتۆپەکەت.

# کە کتێبی کاغەز لابدرێت؟



ئاسانتر دەکرێت ســـوودی لێوەربگیردرێت، شاشەکەی پتەو و بە بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە ناشکێت. کێشی کتێبخانەکە کەمە، تایبەتمەندییەکـــی بەرچاوی کتێبخانە دیجیتالییەکە ئەوەیە کە تا ســـێ هەفتە بەبێ کارەبـــا کاری پێدەکرێت ، هەروەها بۆ وەگرتنی کتێب راســـتەوخۆ بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت، هەرچەندە هاردی کتێبخانەکە کەمە و چوار گیگابایتە، بـــەڵام دەکرێت میمۆری بـــۆ دابندرێت و هـــەزاران کتێبی تێبخرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا دەکرێت پاسۆرد واتە وشەی نهێنی ســـەر وینـــدۆز7ی کۆمپیوتەرەکەم لابـــەرم لەوکاتەیـــدا کـــە لەبیرم چۆتەوە؟

خوێنـــەری بەڕێز لـــە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمدا هیچ شتێك بەناوی مەحاڵ نییە و هەموو شتێك دەکرێت، بەڵام پێویســـتی بە زانین و شـــارەزایی هەیـــە، بەڵێ دەکرێت وشەی نهێنی سەر کۆمپیوتەرەکەت واتـــە پاســـۆردی ئەکاونتەکەت لە ویندۆز7دا لابەری.

لەســـەرەتادا هەرکەدوگمـــەی هەڵبوونی کۆمپیوتەرت لێدا، دەست لەسەر دوگمەی F8 دابگرە، ئەوکات شاشـــەیەکی رەشت دەداتێ و چەند فەرمانێکی تێدایە، دوگمەی save mode هەڵبژێـــرە، کۆمپیوتەرەکەت دەچێتە سەر ویندۆز، دواتر لەبەشی Run دا دەستەواژەی control user-passwords2 بنووسە و فەرمانی OK لێبدە. دواتر ئەکاونتەکان نیشان دەدات و ناوی ئەکاونتەکەت ببینەوە و فەرمانـــی Reset password لێبدە.